

**بۆ باوکم**

**هاوار طيب**

ئەودەمەی بێدەنگی سەفەرێك
هاوار هاواری ووشەیەکی ماڵئاوایی
دابەگوێی تەمەنا
ئیدی ئەو هەڵیکێشایین لەتەنیایی خۆی
ئێمەشی بەمەوجی گریان نووسییەوە
سیحری ووجوودی ئەو حەقیقەتێکی سوور بوو،
کەکۆتاییەکەی چیرۆکێکی خۆڵەمێشی
لەسەغڵەتی تۆفانا بوو
بەناچاری لەدەسپێکی سەفەرێکدا یەك پارچە ئێمەی سپارد بەڕەحمەتی تەنیایی و
خۆشی دەست لەملانێی خەوێکی مێژوویی بوو
چەتری مووحیبەتی ئەو
مۆسیقیایەکی سپی بوو
لەوێ بوونیشی پرسیارێکی گیرۆدەیی و
پەنجە لەرزۆکی ئێمە، و
جەنگی سەفەر و... باڵەفڕکێی گوشەکانی عاشقن بەژیان
سێبەری سەروەری سەر سەری قەدەرن
واژۆی بەپەپوولە کرد و
ئێمەشی بەڕەهاییترین بوو نەوەر لەعەشقدا.

هاوار طيب

کەلەبرواری ( 1994/6/25 )دا بوو بەقوربانی شەڕی برا کوژی